# بۆهاوڕێ حەمید

ئارام هەورامی29/8/2004

هاوڕێم!
کاتێک بۆ یەکەم جار تۆم ناسی..
زەردەی  ئێوارە
وەکو تەمەنی ئاواتەکانت،
کێشمەکێشی بوو لەگەڵ
هاتنی شەوی ئەنگوستەدا
ناسینت
ناسینی من بوو بۆ خانەقین و مەندلی
بۆ شارێکی تری ئەنفالکراو
بۆ برینێکی قوڵی تر
وەکو برینەکانی جەستەت
بۆ هاژەی ڕوباری ئەڵوەند
بۆ پێنج هەزار گوڵی  هەڵەبجە،
بۆ شەهیدانی پشت ئاشان و قرناقاو
کەیەک یەک ناویانت لەنێو چەوانی
دەروێشە دڕندەکانی تاڵەباندا هەڵکۆڵیبوو
ناسینت ناسینی من بوو
بۆ مندالأنی گەرمیان
بۆ دایکانی ئامەد و ماردین
بۆ پانتایی قامیشلی
بۆ مەهابادی قازی و چوارچرا
بۆ هەموو پارچەی خاکێکی
سووتاوی نیشتمانەکەی من تۆ

تابلۆی نیگاکانت
لەقەتپاڵی کێوەکانی
هەوراماند دەبینم
گوێم لێیە ،هاوڕێ گیان!
چریەت بۆنی وەنەوەشەی باخانی
زەڵم ئەدات
تێکەڵ بە کەفچڕێنی تاڤگە ئەبیت و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مژدەی بەهاری پێیە
گوێم لێیە ،هاوڕێ گیان!
هەناسەت تێکەڵی گڤەبای
دۆڵەکەی کەرەجاڵ بووەو بەرەو حەمرین
جاڕی سرودی ئەیرەقیب
بە گوێی کرێکارانی کورددا ئەدات
))ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کوردزمان
نایشکێنێ دانەری تۆپ زەمان((
دەتبینم
قەڵەمێکی سورت پێیە و
وا بەگەورەیی دەنووسیت:
وا هاتمەوە
وا هاتمەوە و دێمەوە بەیەکجاری
تەرمەکەم پڕ بەخاکی ئەم پەڕی دونیا
گزنگی بارانی خۆشەویستی
بەسەرتۆدا ئەکات ،خانەقینەکەم !
وا هاتمەوە
پەلکەزێڕینەی غەریبیم کرودەتە
نەردوان و بۆ دڵی شارەکەم
دێمەوە خوارێ
وا هاتم، وا هاتم
کوردستانم بۆت کردوەتە کۆڵ و
داگیرکەرانم وەدرناوە
هاوڕێم!
دەفتەتەری یادگارەکانت
کۆمەڵێک مێژووە بیرەوەرین
کە لەبیرمدا
هەرگیز کاڵ نابنەوە
*******************************

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com